وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی
زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی
کۆلێژی یاسا و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان
بەشی دبلۆماسییەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان

# سیستەمی جیهانی لەبەردەم گۆڕانکاری لە بەهاکان
# ئالنگارییەکانی گۆڕان و دەرفەتەکانی مانەوە

ئەم توێژینەوەیە بەشێکە لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە بەشی دیبلۆماسیەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان-کۆلێژی یاسا و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان

لە لایەن قوتابییان

عومەر شەهاب ئەحمەد هێدی غازی حاجی فەراز فەیسەڵ میرۆ

بە سەرپەرشتی
مامۆستا ئەحمەد بابەکر

**پوختەی توێژینەوە**

لەم توێژینەوەیە تیشك خراوەتە سەر پێناسە و ناساندنی سیستەمی نوێی جیهانی، هەروەها جیامانکردۆتەوە لە سیستەمی نێودەوڵەتی، بەوپێیەی جۆرێك تێکەڵی هەیە لەم دەستەواژانە.
بەشی یەکەمی ئەم توێژینەوەی کلیلێکە بۆ ئاشنابوون لە باسەکانی تری ئەم توێژینەوەیە.
هەروەها بە قووڵی باس لە قۆناغەکانی سیستەمی جیهانی دەکەین، هەر لە سەرهەڵدانییەوە تاکو سەردەمی ئەمڕۆ، هەروەها ئەو گۆڕانکارییانەی کە بەسەر ئەم سیستەمەدا هاتووە لەنێوان ساڵانی ١٦٤٨ تا کۆتایی هەشتا و سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی رابردوو، کە سیستەمێکی تازە هاتە کایەوە و تا رۆژگاری ئەمڕۆ هەر بەردەوامە، هەروەها تایبەتمەندییەکانی هەر قۆناغێك باسکراوە.
هەروەها لەم توێژینەوەیە ئەو دەرفەتانە خراونەتە روو کە سیستەمی ئێستای جیهان لەبەردەمی دایە و بە چ شێوازێك کار دەکات، لەگەڵ ئەمانەشدا هەندێك ئالنگاری هەن لەبەردەم ئەم سیستەمە، کە وامان لێ دەکات بیر لە ئەگەرێك بکەینەوە، ئەویش گۆڕانی ئەم سیستەمەیە، بێگومان هیچ شتێك وەك خۆی نامێنێتەوە، جیهان بەردەوام لە گۆڕاندایە، هەر ئەمەیە وامان لێ دەکات کە پرسار لە گۆڕانی ئەم سیستەمە بکەین.